**دەنگەکان** :**ئایا ڕەنگ و هێڵ توانیوویانە مامەڵەیەکی جیاواز لە وشە لەگەڵ ئەنفالدا بکەن؟ ئاخۆ هونەری شێوەکاریی توانیوویەتی تایبەتمەندییەکی جوانناسی سەبارەت بە ئەنفال دابهێنێ؟**

سمکۆ ئەحمەد :



**ڕەنگ و فۆرم ڕێگایەکی کورتری هەیە لە وشەکان بۆ گەیشتن بە زهن و ئەقڵ. پێم وا بێت هونەری شێوەکاری تەنها هونەرە کە پێویستی بە تەرجومە نابێت و کورتترین ڕێگای هەیە بۆ گەیاندنی پەیام بە ئەقڵ.**
**بەرای من دەوری سینەما لە هەمویان کاریگەرترە. هۆڵیۆدی ئەمریکا هۆلۆکۆستی جولەکەکانی گەیاندە نەوەی نوێ لە هەمو دونیا. لە سەرێکی تریشەوە هەموو چالاکییەک گرنگی خۆی هەیە و هەر هونەرمەندێک یان نووسەرێک بابەتی ئەنفال بکاتە کاری خۆی ئیشێکی جون دەردێ لە کۆتایدا.**



